# جياوازی نێوان (قوربانی) و (هدي) و (فدية)

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ الفرق بين الأضحية و الهدي والفدية ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# جياوازى نێوان (قوربانى) و (هدي) و (فدية)

ئەم پرسیارە ئاڕاستەى ماڵپەرى ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار :** ئایا جیاوازى چییە لەنێوان قوربانى (الاضحية ) لەگەڵ (الهدي) و(فدية) خواى گەورە پاداشتى خێرتان بداتەوە، چونكە زۆربەى خەڵك وحاجیان ئەم ناوانە تێكەڵ دەكەن ؟

**وەڵام :** لەڕاستیدا هەرەیەك لەم دەستەواژانە حوكمى تایبەتى خۆى هەیە وجیاوازە لەوى تریان، ئەوەش وەك جەنابتان دەڵێن زۆربەى خەڵك و حاجیانیش تێكەڵ دەكەن، قسەكەى جەنابت ڕاستە وزۆر خەلك جیاوازى ناكات لەنێوانیاندا، جا بۆیە پێویستە بزانین :

١) قوربانى (الاضحية) بریتى یە لەو ئاژەڵە یان لەو ڕەشە وڵاخەى كە مرۆڤى موسڵمان لەبەر ڕەزامەندى خواى گەورە و بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لە خۆشەویستى پەروەردگارەوە بڕیار دەدات كە مەڕێك یان

بزنێك یان ڕەشە ووڵاخێك بكات بە قوربانی، ئەمەش تایبەتە بە کاتێکی دیاری کراوەوە کە دەبیت لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان و پاش نوێژی چەژن تاکۆتایی سێهەم ڕۆژی جەژنیش ئەم قوربانییە دەکرێت، جا ئەمە تایبەت نییە بە جێگایەکیاری کراوەوە، مەبەستمان دەکرێت لەهەرجێگایەکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بکرێت، واتە : تایبەت نییە بە شاری مەککە یان مەدینەوە، ئەوەش بزانن مەڕ و بزن بۆ کەسێك دەبێت و ڕەشە ووڵاخ و ووشتر بۆ حەوت کەس دەبێت.... بە پێی دەقی سوننەتی پێغەمبەری خوداش (صلی اللّٰه علیه وسولم) دەکرێت مرۆڤ ئاژەڵیك یان ڕەشە ووڵاخێك سەر ببڕێت بۆ قوربانی وبڵێت هەموو ینەماڵەکەم یان ماڵ ومنداڵەکەم لەخێرەکەیدا بەشدار بن.

٢) (الهدي) ئەو ئاژەڵە یان ئەو ووشتر و ڕەشە ووڵاخەیە دەکریت بە هەدیە ودیاری بۆ خەڵکی هەژار وداماوی مەککە و سەر دەبڕێت لەکاتێکدا کەسێك ئەگەر نییەتی حەجی (تمتع) یان (قیران) ی هێنا

بێت ئەویش لەبەر ئەوەی حاجی لە حەجی (تمتع) دا لەزەت و تام وچێژ وەردەگرێت لەو ماوەیەی کە عومرەکەی تێدا کردووە، تا ئەو ڕۆژەی دیسان جارێکی تر نیەتی حەج دێنێتەوە و ئیحرامەکەی دەبەستێتەوە، چونکە حاجی لەو نێوانەدا ئەو قەدەغەکراوانەی کە لەکاتی ئیحرامدا بۆی یاساغ و حەرام دەبێت لەو ماوەیە نێوان عومرە و حەجەکەی بۆ حەڵاڵ و ڕێگا پێدراو دەبیت، تەنانەت دەتوانێت لەگەڵ خیزانیشیدا تێکەڵاوی بکات، هەروەها ئەو کەسەشی حەجی قیران دەکات لەبەر ئەوەی ئەرکان و واجباتی عومرەکەی داخڵ دەبیت لەگەڵ ئەرکان و واجباتی حەجەکەیدا و ئەرکی کەمتری لەسەر دەبێت، ئاژەڵێك دەکات بە (هدي) لەناو حەرەمی مەەکەدا و نابیت لەدەروەی سنووری حەرەم سەرببڕێت ....

ئەوەش بزانە مەڕ وبزن بۆ یەك کەس سەر دەبڕێت و ووشتر و ڕەشە وڵاخیش دەکرێت بکرێت بۆ (هدي) حەوت حاجی .

٣) (فدية) يەش لەكاتێكدا دەكريت ئەگەر هاتوو حاجى يان موعتەمرێك واجبێك يان كارێكى قەدەغەكراوى ئەنجامدا، لەم كاتەدا واجب دەبێت لەسەر ئەو كەسە (فدية) يەك بدات، بۆ نمونە ئەگەر كەسێك ڕەمى جەمەراتى تەرك كرد ئەوە دەبيت ئاژەڵێك سەببڕێت لە سنووری حەرەمدا بۆ جوبرانمكردنەوەى ئەو كارەى، يان ئەگەر هاتوو كەسێك كارێكى قەدەغەكراوى ئەنجامدا لەقەدەغكراوەكانى ناو ئيحرام وەك : جلى دوراوى لەبەركرد يان بەدەست ئەنقەصد موى سەرى لێكردەوە يان لەبەر نەخۆشيەك سەرى تاشى وەك ئەوەى سەرى ئەسپێ يان كێچ يان ئازارێكى هەبوو، لەم كاتەدا حاجى سەرپشك دەبێت لەنێوان ( فديە) ى سێ شتدا يان سێ رۆژ بەڕۆژوو بيت يان شەش هەژار تێر بكات يان شەكێك سەر ببڕيت ، جا ئەم فديەيە بۆ تۆڵەكردنەوەى كارێكى ياساغ و ناپەسەندا پاش ئەنجدامدانى ، بەڵام قوربانى و هەدى حاجى ئەنجامى دەدات بۆ نزيك بوونەوە وزياتر بەدەستهێنانى رەزامەندى خواى گەورە ..

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە ...